# کەرکووک و غەمی ئاوارەکان

سیروان کاروانی

سلاو بۆ هەموو شەهیدانی ڕێگای نیشتیمان و بەم بۆنەیەشەوە بە تایبەتی ئەو منداڵ و پیر و پەککەوتانەی لە کاتێکدا ڕژێمی بەعسی یاسانەناس و بێ هەست و سۆز گەورەبوو، بۆ هێنانەدیی پلانی تەعریب لە شاری کەرکووک و دەوروبەرەکەی دەری دەکردن، لە سەرما و لەبرسانا گیانی خۆیان بە خاک سپارد و لەناو ئەوانەشدا گەرمیانییەکان کە بەر گەورەترین هێرشی ئەنفال کەوتن.

بەر لەوەی دەربارەی ئاوارەکای کەرکووک بدوێم، دەمەوێ چەند شتێکی تر باس بکەم. چونکە هەر دابینکردنی ئاوارەکان بۆ سەر ڕێ و شوێنی خۆیان بەس نییە بۆ ئەوەی ئێمە دەسکەوتێکی سیاسی وەدەست بخەین.

گومان لەوەدا نییە کە ئەو ڕەوشەی لە کاتی ئێستادا ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست عێراق لەناویدا و بە تایبەتی باشووری کوردستانی گرتۆتەوە، بۆ گەلی کورد بە گەورەترین دەسکەوتی مێژوویی دەژمێردرێت، بەلام ئەویش بەو بە مەرجە ئاسوودەیی تەواو دەچەسپێنێ کە گەلی کورد وەکوو پێویست و بە پێی پێشهاتەکان مامەلەی لەگەلدا بکات.

لە دونیای سیاسەتدا، زۆر شت مشتومڕیان لەسەر دەکرێت و ئەنجام دەدرێن کە لە دونیای دوور لە سیاسەتدا، ڕەنگبێ بچنە خانەی عەیبەوە، واتە ئەنجام نادرێن. ئەمڕۆ کورد بۆ کارێکی دبلۆماسییانە مافی ئەوەی پێ دەدرێ لەسەر ئاستی سیاسیی ناوچەکە زۆر شت ئەنجام بدات، بەلام هەرگیز ئەوە نا کە لە داهاتوودا زیانی گەورەی لێ بکەوێتەوە، چونکە ئەوەی ئەمڕۆ دەیلێین سبەی دەبێتە مێژوو.

هەر لە سۆنگەی ئەو گۆڕانکارییانەوە، شاری کەرکووک بۆ یەکەمجارە هێزی سیاسی و چەکداریی کوردی بەخۆیەوە ببینێت، ئەمە درێژترین هەناسەی شادییە بۆ خەلکی کوچە و کۆلانەکانی دانیشتووی ئەو شارە. با کەمێک بێینە سەر ئەو بۆچوونانەی کە دەلێن لەبەر ئەوەی کەرکووک جگە لە کورد نەتەوەکانی تریشی لێ دەژین و دەبێ شاری هەمووان بێت. وەکوو: کەرکووک عەرەب و تورکمان و ئاسووریشی لێ دەژین، قەیدی چییە لە ئەنقەرەش کوردێکی زۆر دەژین و کەسیش نالێ ئەنقەرە شارێکی کوردییە، لە تاران و شامیش کوردێکی زۆر دەژین و کەسیش نالێ ئەو شارانە کوردین. سەدان سالە کورد لە شام دەژین و مەرقەدی سەلاحەددین و دەیانی تری سەروەختی ئیسلامی لێیە و کەسیش زاتی ئەوە ناکا بلێ شارێکی کوردییە.

دەبا کەرکووک-یش وەکوو پایتەختی کوردستان تەماشا بکرێ و بە خۆشییەوە کەمە نەتەوەکانی تریشی تیا بژین.

ئەگەر ئێمەی کورد کەرکووک بە شارێکی کوردی بزانین و جەسارەتی ئەوەش بکەین بلێین کەرکووک-مان بە پایتەختی کوردستانمان دەوێ، ئەمە ناکاتە ئەوەی مافی ژیان بە کەمە نەتەوایەتییەکای تر ڕەوا نەبینرێ لەو شارەدا بژین.

یەکێک لەو پلانە ژاراوییانەی ئەو بۆچوونانەیان لێ کەوتۆتەوە لە لایەن داگیرکەرانی ئەودیوی سنوورەوە بووە. وەک بۆ نموونە دەبینرێ، کە هەر لە دروستکردنی تورکمانەکانەوە لە کۆندا و ئێستاش کە تورکمانەکان داوێکی درێژتر دەهاوێن، ئەوە تورکەکانن پێیان دەکەن و لە هێندێک مەجالی سیاسیدا زەقیان دەکەنەوە. سەروەختێک ناوچەکانی کەرکووک لەژێر دەستی عوسمانییەکان و سەفەوییەکان ئەمدەست و ئەودەستی دەکرد و ئەو داگیرکەرانە سیاسەتی جۆراوجۆریان پەیڕەو دەکرد و لەو کەینوبەینەدا، عوسمانییەکان بە پێچەوانەی سەفەوییەکان پاشماوەی خۆیان هێشتەوە.

لە سەردەمی زۆرداریی ڕژێمەکەی بەعس-دا، کورد بۆ دژوەستان لە بەرانبەر بە سەرکەوتنی نەخشەکانی ڕژێم بەسەر سیما نەتەوەییەکانی شارەکەدا، خوێنی دەڕشت و سووتماک دەکرا و پۆل پۆل لە شارەکە دوور دەخرانەوە، ئەمە هەر کورد بوو ئازارەکانی دەکێشا. تورکمان و ئاسووریش لە کەرکووک هەبوون، بەلام کە ئێستا تورکمانەکان ئەو هەموو ڕێکخراوانەیان هەیە و بە پشتیوانیی تورکیا دروست کراون، ئەوسا بە دگمەنیش دەنگیان لێوە نەدەهات، باشە خۆ کەرکووک لە لایەن بەعسەوە بە عەرەب دەکرا، ئەی بۆ تورکمانەکان زەرەرمەند نەدەبوو؟

جێگای داخە، کەرکووکی ( (**پیرەحمەدی کوڕی نەسەی کەرکووکی لە (سەدەی پێنجەم) دا و؛ سەی شەهابوددینی شارەزووری ساڵی (659-748) ی کۆچی** و؛ **غەمناکی** (محەممەد کوڕی ئەحمەدبەگی زەنگەنە) واتە: موحەممەدئاغای غەمناکیی ساڵی 1102ی کۆچی و؛ **میرزاشەفیعی کوڕی عەباسی جامرێزی (1190-1252)** و؛ **میر ئەحمەدبەگی کوڕی سمایل بەگی زەنگەنە (1100-1170) و؛ مەلاعومەری ڕەنجووری (1164-1225)** و؛ **شێخ نەجمەددینی کوڕی شێخ عەبدولڕەحمانی سابری (1300-1363)** و؛ **سەی عەبدولقادری ئەسیری (1310-1382)** و؛ **مەلای جەباری: ( (فەتاح کوڕی سەید مستەفای سەید ئیسماعیلی سەید جانی**) ی ساڵی 1806 – 1876 و زۆری تر. ئەو زاتانە لە مێژوویەکی زۆر کۆندا دەیانگوت باوەگوڕگوڕی کورد و، خاکی کەرکووکیان بە پیرۆزیی کورد دەزانی، کەچی ئێستا ئێمەی چەندین سەدە دوای ئەوان بە موڵکی گشتیی بزانین؟

ئەوانەی مێژوو ڕەت دەکەنەوە، بە سەرکەوتوو ناژمێردرێن لە ژیان. ئەوانەی مێژوو ڕەت دەکەنەوە بە کەسانی داهێنەر دانانرێن. ئەوەی ئێجگار سەیرە، من هێندێک لەو دروشمانەی کەرکووک بە شارێکی گشتی دەزانن، تەنها لە ئێمەی کورد خۆمانەوە دەبیستم. ئەوانەی ئێمە بە کەمەنەتەوایەتییان دەزانین، نەک کەرکووک بۆ موڵکی گشتی نازانن، بەڵکوو تەنها بە هی خۆیانی دەزانن.

هەر لەسەر مووسڵ، بەم شێوەیە لە مێژوودا هەیە: مووسڵ: ئەم شارە لە مێژوودا چەند ناوێکی بەخۆوە گرتووە بەهۆی چەندین جار دەستبەسەراگرتنی لە لایەن دەستەلاتی جۆراوجۆرەوە. 1- لە سەرەتادا و لە سەردەمی ئارامییەکان ناوی قەلای ڕۆڕئاوا (**حصن عبورایا**) بووە، بۆ جیاکردنەوەی لە قەلای ڕۆژهەلات کە (نەینەوا) بووە. 2- لە سەردەمی دەستەلاتی فارسەکان و کاتی فەرمانڕەواییی ئەردەشێر ناوی گۆڕا بۆ (نو ئەردەشێر) واتە (ئەردەشێری نوێ، ئەردەشێری تازە) . 3- لە سەردەمی هێرشی ئیسلام بۆ ناوچەکە و دەستبەسەراگرتنی، ناوی شارەکە تەعریب کراو بوو بە (**موصل**) ، مووسڵ، کە مانای شوێن یاخود جێگا دەگەیێنێ، ئەو شوێنەی دوو ناوچە یاخود دوو شوێنی تر بەیەکەوە دەبەستێتەوە. شایانی باسە بە پێی هەمان سەرچاوە کە لە خوارەوە دەستنیشان دەکرێ، ئەم شارە لە چارەگی یەکەمی سەدەی یەکەمی زایینیدا دانیشتوانەکەی بەگشتی کورد بوونە وەک لە کتێبی (**بلدان خلافه الشرقية- لوسترنج**) دا هاتووە (1) .

ڕژێم لە 63ەوە لەسەر تەعریب بەردەوامە و بە کۆمەڵێک ئیمکانیاتەوە نەخشەکانی جێبەجێ دەکات. بە پێی ئاماری 1957 کە هێشتا پڕ لە کەموکوڕی بوو، کوردەکان 48% و عەرەبەکان 28، 2% و تورکمانەکان 21، 4%ی دانیشتوانی کەرکووکیان پێکدەهێنا، (کەچی بە پێی ئاماری ئەو کۆمیتە تایبەتییەی ساڵی 1925ی کۆمەڵەی گەلان کە 32 ساڵ پێش ئامارەکەی 1957 ئەنجامی دا، ژمارەی کوردەکانی شاری کەرکووک 87500 کەس بوون کە دەیکردە 63%ی دانیشتوانی شارەکە، ژمارەی عەرەبەکان 25250 کەس بوون کە دەیکردە 18% و ژمارەی تورکمانەکان 26100 کەس بوون کە دەیکردە 19%) . واتە ئەگەر ئەو ئامارانەش ڕاست دەرچن، ئەوا ڕێژەی عەرەبەکان لە ساڵی 1925 ەوە تا 57، 10، 2% زیادیان کرد.

ئێستا لەسەر دەستی ئەو ڕژێمە، ئامارەکان هەموو پێچەوانە کەوتوونەوە. ئەگەر بێت و بە چڕی کار بۆ ئەوە نەکرێت کە ڕێژەی کوردەکان لە کەرکووک زیاد بکرێنەوە بۆ نموونە گەڕانەوەی بێ قەید و شەرتی ئاوارەکان کە تا ئێستا دەوروبەری 186. 000 کەس دەبن هێشتا نەگەڕاونەتەوە، ئەوا مەترسی لەسەر کەرکووک گەورەتر و ترسناکتر دەبێت و لە ئایندەیەکی تردا، نەخشەکانی ڕژێم بە جۆرێکی تر سەردەگرن. ئەمە لە کاتێکدا، کە دەبێ تێکڕای عەرەبەکانیش بۆ ناوچە باشوورییەکانی عێراق سەر ملکوماڵی خۆیان، بگەڕێنەوە.

دیارە زۆر گرنگە، گەلی کورد بە هەموو چین و توێژەکان و لایەنەکانییەوە ببنە گەورەترین پاڵپشت بۆ ئەو کوردانەی لە دام و دەزگاکاندا لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە پۆستی گرنگ وەدەست دێنن. لەگەڵ ئەوەشدا، من تەنها ئەوە بە سەرکەوتن نازانم کە چەند پۆستێکی گرنگ بە کوردەکان بدرێ و لەگەڵ تورکەکان و عەرەبەکان تێکەڵ بکرێن، بەڵکوو دەبێ گەڕانەوەی هەموو کوردە دەرکراوەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان مەرجی بنەڕەتی بێت و، ئەمە بە هیچ جۆرێک سازش هەڵناگرێ و، هەروەها کار بۆ ئەوە بکرێت کە سیما نەتەوەییەکان لە شارەکەدا بگەڕێندرێنەوە. بەعس قەلای تەخت کرد، بەعس ناوی خوێندنگە کوردییەکانی گۆڕی بۆ ناوی عەرەبی و ناوی گەڕەکەکانی گۆڕی و گەڕەکی تازەی بە ناوی عەرەبی کردەوە. من بۆیە ئەمانە

دەڵێم، چونکە چەندین ساڵە بەشێکی خوارووی کوردستان لەژێر دەستی پارتەکاندایە، کەچی بەشێکی زۆری ناوە عەرەبییەکانی سەردەمی ڕژێم هەر وەک خۆیانن و یاخود هەر بە عەرەبی دەنووسرێن.

هیچ زوو نییە و لەگەڵ ئەوانەشدا، کورد کار بۆ دانانی سنوورێک بکات، واتە سنووری تایبەتیی خۆی هەبێت. لەم گێتیەدا، تاقەماڵێکیش سنووری خۆی هەیە.

لە یوگوسلافیادا، کاتێک شەڕ و ئاژاوە سەرتاپای ویلایەتەکانی تەنیبۆوە و بە تایبەتی لە بۆسنەدا درێژخایەن و خوێناویتر بوو، هەوڵێکی زۆریان لەگەڵ عەلی عیززەتی پیرەمێردەکەی وڵاتی بۆسنەدا دا، کە هەروەکو پێشتر لەژێر گوشاری یوگوسلافیادا بمێنێتەوە، ئەویش گوتی: لێگەڕێن وەکوو دوو دراوسێی باش بژیین، ئێمە بەوە سەرکەوتوو دەبین و خەڵکەکانمان ئاسوودە دەبن.

لە کوردستاندا، دەبێ کار بۆ زۆر شتی گرنگی تریش بکرێت وەک چۆن دەڵێن ئایین و دەوڵەت لەیەک جوودا بکرێنەوە بۆ ئەوەی ڕێڕەوی دیمۆکراتی بەرەو ئەنجامی خۆی بگات.

هەر لەسەر ئەوە، ئەو عەرەبانەی لە شارەکانی باشووری عێراقەوە هێنرابوون و زەویوزاری کوردەکانی ناوچەی کەرکووکیان بەخۆڕایی بەسەردا داباش کرا، عەرەبەکان چۆن کە موڵکی خۆیان نەبوو، هەڵسان تەواوی زەوییەکانیان تێکەڵ کرد و سنووریان لە نێوان ئەو زەوییانەدا نەهێشت کە جووتیارە کوردەکان بە پەتەگوریسی لێکئالاوەوە بۆ خۆیانیان دەستنیشان کردبوون، کە ئەمیش تەنها سەرچاوەی ژیانیان بوو. ئێستا ئەو زەوییانە کە هەموو تێکەڵ بوونە، جووداکردنەوەیان ئێجگار سەختە.

سڕینەوەی ئەو سنوورانەش، کە خوارووی کوردستان لە عێراق جوودا دەکەنەوە، لە داهاتوودا گەورەترین کارەساتی مێژوویی دەخوڵقێنن. کولتوور لەناو دەچێ، فەرهەنگی کوردی هەژارتر دەبێ. ئەمە دەبێتە هۆی دانی مافی شەرعی بەو عەرەبانەی چەندین ساڵە لەناو خانووبەرەی کوردەکان دانیشتوون و کێڵگەکانیان بەناو دەبەن و کورد، کە لە عێراقدا پێنج یەکی عەرەبەکان پێکدەهێنن، لە هیچ وەختێکدا لە هەر هەڵسوکەوتێکی تردا مافێکی ئەوتۆ وەدەست ناهێنن.

مرۆڤ، هێندێک جار لە ژیانیدا دەست بۆ کاری بڤەش دەبات. گریمان داوای سەرخۆبوون بۆ خەڵکی کورد و کوردستانەکەی کارێکی بڤەیە، ئێ دە با دەست بۆ ئەو بڤەیەش ببەین و داوا بکەین کوردستان سەربەخۆییی بدرێتێ و سنووری دیار بکرێ و لەگەڵ برا عەرەبەکان وەکوو دوو دراوسێی باش بژیین. خۆ کورد لە مێژوویدا هەر لە خەتەرناکیدا ژیاوە. بێگومان، بۆ داوایەکی لەو شێوەیەش، هەرگیز ڕەوش لە ئێستا باشتر هەڵنەکەوتووە.

لەناو شاری کەرکووک-دا، تا ئێستا پشێوییەکی زۆر هەیە.

- عەرەبەکان چەکدارن لە بەری بە لای ڕێی بەغداوە، کۆنترۆڵیان کردووە و کوردەکان ناوێرن بە هێمنی بۆ ئەو گەڕەکانە بچن.
- تورکمانەکان دەچنە ناو خوێندنگەی فەلەستین1 و دروشمە کوردییەکانی سەر سەبوورەکان دەسڕنەوە و هی سەر دیوارەکان دەدڕن کە خوێندکارە کوردەکان هەڵیانواسیون.
- تورکمانەکان بە پێی هەواڵەکانی کوردستانمۆنیتەر لەسەر زاری (ساین کەتانە) وە، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لە سەدا 68 ی دانیشتوانی کەرکووک پێکدەهێنن2، وەک ئەوەی کەرکووک تەعریبی بەخۆوە نەبینیبێ.
- بەعسییەکان هێشتا کاری توندوتیژی لە شێوەی تەقینەوە و شتی تر ئەنجام دەدەن.

1 ڕۆژنامەی هەواڵ.

2 کوردستانمۆنیتەر.

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**